# حسێن میسری سوکایەتی بەخەڵکی شاری سلێمانی دەکات!

کارزان عەلی

ئەوە ماوەی چوار ڕەمەزانە کەناڵی کوردسات و خاک تیڤی ئەو دارمایانەی حسێن میسری پەخشدەکات، کە بۆتەجێگای نارەزیی زۆرکەس.

کە لەناوەرۆکدا ئەو زنجیرە تەمسیلیانە هیچ ناوەرۆکێکی نییە لە سوکایەتیکردن بەخەڵکی شاری سلێمانی و سوکایەتی کردن بە حاجی و باسی پیاو چاکی ئارەق خۆرەکان نەبێت. لە زنجیرە کۆنەکاندا ئەوە بوو بەکوردەکانی ئەوروپاوە گرتبووی هەر باسی ئەورووپای دەکرد بێ ئەوەی هیچ راستیەکی ئەوروپا بزانێت، بەئارەزی خۆی سوکایەتی بە کوردەکان دەکرد کە هەموان ئەو سوکایەتی کردنەمان دەبینی لەو کەناڵانەوە.

هەموو جارێکیش لەو تەمسیلیانەدا سوکایەتی بەخلکی سلێمانی کردوە، کە ئەو هەموو جنێوە ناشرینە بەکاردێنن لە قسەکانیاندا.لە زنجیرەکەی جومعەدا ئەوە هەر زۆر زۆر بەروونی و بەئاشکرا باسی دواکەووتیی شاری سلێمانی دەکرد کە ئەوەش زۆر زۆر دورە لەراستیەوە کەخڵکی سلێمانی بەو شێوەیە دواکەوتۆبێت نە لە ئێستاو نەلەکۆندا. هەمووان دەزانین شاری سلێمانی چەند پێشکەوتوە نەوەک بەو شێوەیەی حسێن میسری باسی لێوەدەکات. هەرچەندە زنجیرەکەی جومعە زۆر شتی سەیرو سەمەرەی تێدابوو کە بەردەوام ئەو دوو بۆیاخچیە بەشەو و بەرۆژ بەردەوام هەرجلی بۆیاخچیێتیان لەبەردابوو، کە دەشچون بۆ حەمام هەر ئەو جلەیان لەبەردەکردەوە کە ئەوە جۆرە شێوازە بروانەکەم لەهیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا هەبێت غەیریماڵی حسێن میسری نەبێت!

دراما(تەمسیلی) لەهەموو جیهاندا بۆ ئەوەیە هەوڵ بدات کەموو کورێکانی ناو کۆمەڵگا بخاتە بەرچاوو و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە نەوک شێواندنی راسیتێکان وەکو ئەوەی حسێن میسری کە دەیکات. لە دراماکەی جومعەدا ئەوندە سوکایەتی بەشاری سلێمانی کردوەکە هەقە لەئەنجامی ئەو سوکایەتی پێکردنە حسێن میسری بەرد باران (رەجم) بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر هیچ کەسێک زاتی ئەوە نەکات سوکایەتی بەکەس بکات.

چەند برادەرێکی هەولێرم دەیان گووت باشە شاری سلێمانی بەو شێوە دواکەوتوون و جنێو فرۆشن! دوایی هەرخۆیان وەڵامی خۆیان دەدایەوەو دەیان گووت؛ نا ئەوەندەی ئێمە بزانین خەڵکی شاری سلێمانی بەو شێوەیە نییە ئەوە بۆ سوکایەتی پێ کردنە بەخەڵکی ئەو شارە تێکۆشەرە.

ئەگەر بێت لەناو توێژی هوونەرمەندان و رۆشنبیراندا راپرسیەک سەبارەت بەو دارمایەنەی حسێن میسری بکەیت ئەوە نەک بەدرامای دانانێن، بەڵکو بەکارەساتی ناودەبن کە ئەو بەرێزە ئاوا بە ئارەزووی خۆی سوکایەتی بەهوونەر و خەڵک دەکات.

ماوەی ئەوە چەند ساڵە چەندین هونەرمەندی بەتواناو لێهاتوو و کەسانی رۆشنبیرم بینیوە هەمان ئەو بۆ چوونانەی منیان هەیە کەلەم چەند دێرەدا ئاژەم پێکردوە. نازانم بەرپرسانی کەناڵی کوردسات و خاک تیڤی بۆ هەست بەو سوکایەتیانەی حسێن میسری ناکەن کەبەرامبەر بەشارەکەیان دەیکات.

دەمەوێت بەرپرسانی ئەو دووکەناڵە لەوە ئاگاداربکەمەوە، ئەو شێوازەی کە حسێن میسری پەیرەوی دەکات ئەوە نەک خزمەت نییە بەو کەناڵانە بەڵکو زیان بەو دوو کەناڵانە دەگەیەنێت و جەماوەرەکەیان لێ دوور دەخاتەوە. ئینجا سەرەرای ئەوەی زۆر کەس لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە تورەیەو خەتاکەی دەگرێنەوە بۆ بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە خەڵکی وا دەبەنە ئەو شوێناوە و بەئارەزی خۆی پارەی ئەو میلەتە لەناودەبات بەشتی پروپوچ.

بۆیە داواکاریم لەکەناڵی کوردسات و خاک تیڤی ئەوەیە جارێکی تر نەهێڵن ئەو بەرێزە سوکایەتی بە مۆرڤەکان بکات. ئەو دوو کەناڵە بۆ زیاتر ئاشنابوونیان لە راستی ئەم بابەتەی من بابچن راپرسیەک لەناو چینی هونەرمەندان و رۆشنبیراندا بکەن ئەو کاتە راستی یان بۆ دەر دەکەوێت، بزانن ئەو حسێن میسریە خزمەتی ئەو دووکەناڵە دەکات یاخود زیان یان پێدەگەینێت!

**هەمووان دەزانین کە حسێن میسری خەڵکی شاری سلێمانی نییەو بۆیە بەو شێوەیە سوکایەتی بەخڵکی ئەو شارە خۆشەویستە دەکات.**

**15/11/2004**